باڤ تاڵەبانی: پێویستە هەرێم وبێغدا پابەندی ئەو رێککەوتنەبن کە کراوە

باڤ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی لەدیدارێکدا لەگەڵ کونسوڵی هەندا لە هەرێم رایگەیاند، "پێویستە هەرێم وبێغدا پابەندی ئەو رێککەوتنەبن کە کراوە، تاوەکو ژیان و گوزەرانی خەڵکە خۆشەویستەکەمان نەکرێتە قوربانیی ناکۆکییە سیاسییەکان".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی یەکێتی، ئەمڕۆ دوشەممە باڤ جەلال تاڵەبانی لە دەباشان پێشوازی لە ئەدریان ئایسلستین، کونسوڵی گشتیی شانشینی هەندا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا کە نزار ئامێدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادەیبو، جەخت لە پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردولا لە سەرجەم بوارەکان کرایەوە، بە تایبەت لە بواری کەرتی ئابوری و کشتوکاڵدا.

باڤ جەلال تاڵەبانی، ئامادەیی یەکێتی بۆ هەمو جۆرە کارئاسانییەك دەربڕی، تاوەکو کۆمپانیا هەندییەکان بەشداریی لە بەهێزترکردنی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ بکەن.

هەردولا چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدایان لەسەر بنەمای گفتوگۆ بە پێویست زانی و سەرکی یەکێتی وتی، "پێویستە هەمولایەك پابەندی ئەو رێککەوتنەبن کە کراوە، تاوەکو ژیان و گوزەرانی خەڵکە خێشەویستەکەمان نەکرێتە قوربانیی ناکۆکییە سیاسییەکان".